# وەقایعی کوردستان

**رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە(٣٣٩) ساڵی بیست وپێنج ٢٤ کانوونی یەکەم ٢٠٢٥زایینی ٣ بەفرانبار ٢٧٢٥ کوردی ٤ رجب ١٤٤٧ کۆچی**

# 339



**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** لا ١

تایبەت بە وەرگرتنی (کرێی خزمەتگوزاری) بۆ هەر مامەڵەیەک لە دادگاکان .

**ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٣

تایبەت بە کرێی کاری ڕۆژانە .

**ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٣

تایبەت بە مووچەی پلە باڵا

**ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٤

ڕێنمایی تایبەت بە وەرگرتنی پارە لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان بەرامبەر بەرکارهێنانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی.

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٥

تایبەت بە کرێی وانەبێژان .

**ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٦

تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجیەکان و پاکتاوکردنی ژمێریارییەکان.

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٨

تایبەت بەکردنەوەی کۆگای تایبەت بە بەرهەمەکانی ئۆتۆمبێلی (تویوتا).

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ٩

هەمواری چوارەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١.

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ١٠

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**بەیانی ژمارە (٢٨ - ٢٩ - ٣٠ - ٣١ - ٣٢ - ٣٣ - ٣٤)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی ناوخۆ** ١١

**بەیانی ژمارە (٤ - ٥ - ٦ - ٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی داد** ١٦

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ١٩

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ١٩

**بەیانی ژمارە (٢٩ - ٣٠ - ٣٣ - ٣٤ - ٣٥ - ٣٦ - ٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی تەندروستی** ٢٠

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٣٩) السنة خمسة وعشرون ٢٤ كانوني الاول ٢٠٢٥م. ٣ بەفرانبار ٢٧٢٥ ك. ٤ رجب ١٤٤٧ هـ.

**339**


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ١ |
| تعليمات رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٣ |
| تعليمات رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٣ |
| تعليمات رقم (١٦) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٤ |
| تعليمات رقم (١٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٥ |
| تعليمات رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٦ |
| قرار كمركى رقم (٦) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ٨ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ٩ |
| تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١٠ |
| بيان رقم (٢٨ - ٢٩ - ٣٠ - ٣١ - ٣٢ - ٣٣ - ٣٤) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الداخلية | ١١ |
| بيان رقم (٤ - ٥ - ٦ - ٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة العدل | ١٦ |
| بيان رقم (٦) لسنة ٢٠٢٥ وزارة المالية و الاقتصاد | ١٩ |
| بيان رقم (٥) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الزراعة والموارد المائية | ١٩ |
| بيان رقم (٢٩ - ٣٠ - ٣٣ - ٣٥ - ٣٦ - ٣٧) لسنة ٢٠٢٥ وزارة الصحة | ٢٠ |



No. 339 Date: December 24, 2025 - Vol.: 25



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل

تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross

www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر

٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٩١٣٤ لە ٢٠٢٥/١١/٤**

## ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بە نووسراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٦٨٩) لە ٢٠٢٥/٩/٢٢ و ژمارە (٩٦٦٧) لە ٢٠٢٥/٨/٦ و ژمارە (٧١١٤) لە ٢٠٢٥/٦/٤ و برگەی (یەکەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٥/١٠/٢١ بەمەبەستی ڕێکخستنی ئەو کرێیانەی کە لەلایەن دادگاکانەوە وەردەگرێت وەک (کرێی خزمەتگوزاری) بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** وەرگرتنی بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار وەکو (کرێی خزمەتگوزاری) بۆ هەر مامەڵەیەک وەک لە لیستی هاوپێچدا هاتووە، هەر مامەڵەیەکیش لە لیستی هاوپێچدا ناوی نەهاتبێت هەمان بڕی سەرەوە لە بەرامبەردا وەردەگرێت.

**دووەم:** بڕی پارەی وەرگیراو بە ڕێژەی (١٠٠%) بکرێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی حکومەت.

**سێیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

| ژمارە | جۆری کرێی خزمەت گوزاری | بڕی کرێ |
|---|---|---|
| ١ | دابەشنامەی شەرعی (القسام الشرعي) | ٢٠٠٠ |
| ٢ | بەڵگەنامەی کۆچی دوایی (حجه الوفاة) | ٢٠٠٠ |
| ٣ | بەڵگەنامەی لە دایکبوون (حجة الولادة) | ٢٠٠٠ |
| ٤ | پووچەڵکرنەوەی بەڵگەنامەی دەسەڵاتبەندی (ابطال حجة قيمومة) | ٢٠٠٠ |
| ٥ | بەڵگەنامەی پێسپێر (حجة الوصاية) | ٢٠٠٠ |
| ٦ | بەڵگەنامەی دایەنی (حجة الحضانة) | ٢٠٠٠ |
| ٧ | بەڵگەنامەی پێسپێری کاتیی (حجة الوصاية المؤقتة) | ٢٠٠٠ |
| ٨ | بەڵگەنامەی ڕاگەیاندنی ئیسلامبوون (حجة اشهار الاسلام) | ٢٠٠٠ |
| ٩ | کەمکردنەوەی مارەیی (انقاص المهر) | ٢٠٠٠ |
| ١٠ | تەلاقی خولعی (الطلاق الخلعي) | ٢٠٠٠ |
| ١١ | ڕێگەدان بە هاوسەرگیری دووەم (الاذن بالزواج الثاني) | ٢٠٠٠ |
| ١٢ | زیاد کردن لەسەر دابەشنامە (اضافة الى القسام) | ٢٠٠٠ |
| ١٣ | ماڵی شەرعی (البيت الشرعي) | ٢٠٠٠ |
| ١٤ | سەلماندنی هاوسەرێتی (اثبات الزوجية) | ٢٠٠٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | سەلماندنی ڕەچەڵەک (اثبات النسب) | ٢٠٠٠ |
| ١٦ | ڕەسمی تەزەلوم (رسم التظلم) | ٢٠٠٠ |
| ١٧ | بڕینی بژێوی یان کەمکردنەوەی بژێوی (قطع النفقة او انقاص النفقة) | ٢٠٠٠ |
| ١٨ | رسمی ناڕازیبوون (رسم اعتراضي) | ٢٠٠٠ |
| ١٩ | بەڵگەنامەی ڕێگەدان بە سەفەر کردن (الاذن للسفر) | ٢٠٠٠ |
| ٢٠ | دابەشنامەی یاسایی (قسام قانونی) | ٢٠٠٠ |
| ٢١ | ڕاستکردنەوەی یاسایی و شەرعی (تصحیح قانونی و الشرعي) | ٢٠٠٠ |
| ٢٢ | ڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی کۆچی دوایی (تصحیح حجة الوفاة) | ٢٠٠٠ |
| ٢٣ | ڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی پێسپێری (تصحیح الوصایة) | ٢٠٠٠ |
| ٢٤ | ڕاستکردنەوەی ڕێککەوتی هاوسەرگیری (تصحیح تأریخ الزواج) | ٢٠٠٠ |
| ٢٥ | پووچەڵکردنەوەی گشت بەڵگەنامەکان (ابطال جمیع الحجج) | ٢٠٠٠ |

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٩١٣٢ لە ٢٠٢٥/١١/٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٤٠٤) لە ٢٠٢٥/٩/١٧ و بڕگەی (دووەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٥/١٠/٢١ تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥ بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ئەم کرێیە بەرامبەر بە (٢٢) ڕۆژ دەدرێت لە مانگێکدا بە ئەوانەی کرێی کاری ڕۆژانە کاردەکەن جگە لە ڕۆژانی (هەینی و شەممە) بە مەرجێک نابێت ئەم کرێیە ڕۆژانە لە بڕی (١٥،٠٠٠) پازدە هەزار دینار زیاتر بێت.

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٩١٣٣ لە ٢٠٢٥/١١/٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە نووسراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦٩٩) لە ٢٠٢٥/١٠/١٢ و ژمارە (٢٨٧٥) لە ٢٠٢٥/٢/٢٥ و بڕگەی (سێیەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٥) لە ٢٠٢٥/١٠/٢١ تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییمان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ئاستی باڵای مووچەی پلە (باڵا (ب)) (٢٣٣٠٠٠٠) تەنها دوو ملیۆن و سێ سەد و سی هەزار دینار دەبێت و دوای ئەوە سەر مووچەی ساڵانە وەرناگرن.

**دووەم:** ئاستی باڵای مووچەی پلە (تایبەت باڵا (أ)) (٣٢٤٣٠٠٠) تەنها سێ ملیۆن و دووسەد و چل و سێ هەزار دینار دوای ئەوە سەر مووچەی ساڵانە وەرناگرن.

**سێیەم:** ئەوانەی پلە (باڵا (ب)) و پلە (تایبەت باڵا(أ))ن سەرمووچەیان لە مەرتەبە (١١) تێپەربووە دەگەڕێنەوە مەرتەبە (١١) بەبێ وەرگرتنەوەی جیاوازی.

**چوارەم:** کار بە هیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە.

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٩١٣١ لە ٢٠٢٥/١١/٤**

## ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٥

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٠٣٧) لە ٢٠٢٥/٩/٩ وکۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٤) لە ٢٠٢٥/١٠/١٤ و بەمەبەستی ڕێکخستنی ڕێنمایی تایبەت بە وەرگرتنی پارە لە زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان بەرامبەر بەرکارهێنانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** پێویستە (زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان) ساڵانە لیستی ئەو قوتابییانە پێشکەش بکەن کە ڕاهێنانی پراکتیکی لە ناو نەخۆشخانەکان ئەنجام دەدەن فەرمانی کۆتایی وەرگرتنی قوتابییان کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەردەکرێت لەگەڵ ئەو لیستانە هاوپێچ بکرێت.

**دووەم:** بەشی پلان لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی سەرپشک بکرێت بۆ دیاریکردن و دابەشکردنی قوتابی بەپێی پسپۆڕی و بڕوانامەکانیان نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی.

**سێیەم:** پێویستە وەرگرتنی قوتابی بەپێی پێویستی بێت و نەبێتە بارگرانی بۆ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و کاریگەری لە جۆریەتی خزمەتگوزاری نەکات.

**چوارەم:** هۆبەی (پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام) لە نەخۆشخانە فێرکارییەکان بەرپرس دەبێت لە بەدواداچوونی ڕاهێنانی قوتابییان.

**پێنجەم:** هەر (نەخۆشخانەیەکی تایبەت) یاخود (زانکۆ و پەیمانگا)ی تایبەت پابەند نەبوو بەم ڕێنماییە ئەوا ڕووبەڕووی (سزای ئاگادارکردنەوەی پێبژاردن) دەبێتەوە ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو ئەوا مۆڵەتی مەشقکردنی لێ وەردەگیرێتەوە.

**شەشەم:** لیژنەیەک پێکبهێنرێت لە هەر یەک لە وەزارەتی (تەندروستی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) بە مەبەستی بەدواداچوون و پابەندبوون بە ڕێنماییەکان.

**حەوتەم:** وەرگرتنی ڕێژەی (٣%)ی کۆی تێچووی کرێی خوێندنی یەک ساڵی (زانکۆ یان پەیمانگا) لەو ساڵەی کە قوتابی ڕاهێنانی پراکتیکی ئەنجام دەدات بە مەرجێک بڕەکەی لە (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت ئەم پارەیە بەپێی (پسوولەی فەرمی) لە لایەن (زانکۆ یان پەیمانگا) دەدرێتە بەشی (ژمێریاری) لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

**هەشتەم:** لە هیچ بارێکدا بارگرانی دانی ئەو پارەیە نابێت بخرێتە سەر ئەستۆی قوتابی.

**نۆیەم:** ڕێژەی هاتوو لە بڕگەی (حەوتەم)ی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبکرێت.
أ- ڕێژەی (٢%) بۆ پەرەپێدانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان.
ب- ڕێژەی (١%) داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی حکومەتی هەرێم.
**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٠٠٠٧ لە ٢٠٢٥/١٢/١**

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە بڕگەی (یەکەم) لە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٧) لە ٢٠٢٥/١١/١٨ تایبەت بە هەموارکردنەوەی بڕگەی (یەکەم)ی ڕێنماییمان ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٧ بڕیاردرا بە:
**یەکەم:** کرێی وانەبێژی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەن بە (هەمیشەیی و گرێبەست) بۆ هەر وانەیەک بڕی (٤،٠٠٠) چوار هەزار دینار خەرج دەکرێت بە مەرجێک (نصابی) وانە وتنەوەی خۆی تەواو بکات بەپێی (سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان و خوێندنگە ئامادییەکانی ساڵی٢٠٠٩).
**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنی (٢٠٢٥ -٢٠٢٦) جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٠١٤٣ لە ٢٠٢٥/١٢/٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

ئاماژە بە کۆنووسی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١٤٨) لە ٢٠٢٥/١٢/١ و بەهۆی نزیک بوونەوەی کۆتایی ساڵی٢٠٢٥ و بەمەبەستی دیاری کردنی هەلی گونجاو بۆ یەکەژمێریارییەکانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەکان، بە مەبەستی پاکتاوکردنی ژمێریارییەکان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لە کاتی دیاری کراو بڕیاردرا بە:

١- ڕاگرتنی سیستەمی ئەلکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) لەسەر (داواکاری خەرجی) (SIRD) لەڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٧) تاکو کردنەوەی خەرجی لە ساڵی دارایی ٢٠٢٦، لەو ڕێکەوتەوە هیچ داواکارییەکی خەرجی ئاڕاستەی وەزارەتمان نەکرێت .

٢- ڕاگرتنی گشت خەرجییەکان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٧) بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٥ بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ژمێرەکان جگە لە خەرجییەکانی (مووچە و پێشینەیی خەرج کراوی مانگانە و کرێی مانگانە و خاوێن کردنەوە و خواردن).

٣- سەرجەم ئەو خەرجییانەی لەسەر ڕێژەی گەڕاوەی بەشە داهاتی وەزارەتەکان بەپێی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ژمارە (٦و١١)ی ساڵی ٢٠٢٥ ڕادەگیرێت جگە لە (مووچە وهاندان) و ئەو خەرجییانەی پابەندی یاسای و سیفەتی مانگانەی هەیە.

٤- ڕاگرتنی خەرجی تەمویل کردنی تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان ناگرێتەوە، بەڕەچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ بڕگەی (پێنجەم) کە پاڵپشتە بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٩٢) لە ٢٠٢٥/١٠/١٥.

٥- ئەو نووسراوانەی کە ڕەزامەندی خەرجی وەزارەتمانیان هەیە و بەهەر هۆکارێک خەرج نەکراوە لە ساڵی نوێدا لەسەر بوودجەی ساڵی دارایی ٢٠٢٦ خەرج دەکرێت لە لایەن گەنجینەکانەوە.

٦- هەر ڕەزامەندییەکی (تەرخانکردن) لەساڵی ٢٠٢٥ و بەرەو خوارەوە نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری وەربگرێتەوە.

٧- داخستنی ژمێرەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥ لە ڕێکەوتی ٣١ /٢٠٢٥/١٢ پێویستە گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەندبن بە ماوەی ئاماژەپێکراو، هەروەها سەرجەم فەرمانگاکانی حکومەتی هەرێم جگە لەو فەرمانگانەی کە خۆ پارەدارکردن (تمویل ذاتی)ن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٣١) (رصید دفتری صندوق + بانك) تدویر بکرێت بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٦ لە ریکەوتی (١/کانوونی دووەم تا ٣١/کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٦) وەنابێت هیچ (تدویر) ێك لەسەر (حساب نقدی مدور) بکرێت لە مانگەکانی تر.

٨- ماوەی ژمێرەی کۆتایی (الحسابات الختامیة) لە ٢٠٢٦/١/٢ دەست پێ دەکات تاکو ٢٠٢٦/١/٣١ بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی گشت پێشینەکان کە لە ئەستۆی وەزارەت و فەرمانگەکانن بۆ ئەو پێشینانەی کە نەتوانراوە یەکلابکرێنەوە لە ساڵی ٢٠٢٥دا ، جگە لە پێشینەی مانگانە (سلفة المستدیمة) بە پێچەوانەوە بەپێی گشتاندنمان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٩- داخستنی ژمێرەی کۆتایی بە شێوەیەکی کۆتایی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/١/٣١ دەبێت و ناردنی بۆ وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری تا ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٢/١٠ وە لە نەناردنی یاخود دواکەوتنی لە ڕێکەوتی ئاماژە پێکراوی سەرەوە پارەدارکردن (تمویل)ی ئەو یەکە ژمێریارییە ڕادەگیرێت.

١٠-تۆمارکردنی سەرجەم یەکلاکراوەکانی ناو تۆمارکراوەکان (التسویة القیدیة) لە هەمان تۆماری تایبەت بە ساڵی دارایی ٢٠٢٦ بە شێوەیەکی سەربەخۆ (مستقل) لە ژمێرەی مانگەکانی ڕابردوو لەگەڵ گرتنەبەری یەکلاکردنەوەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی مەرجەکانی ژمێرەکان (بنود الحسابات) کە پێچەوانەی سروشتی ژمێریاری تۆمار کراوە.

١١- پێویستە ئەو فەرمانگانەی پەیڕەوی سیستەمی نامەڵبەندی دەکەن (میزان المراجعة) لە ژمێرەی کۆتایی (الحسابات الخاتمیة) بۆ ساڵی/٢٠٢٥ بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ ژمێرکاری نامەڵبەندی بە ڕەچاوکرنی تۆماری ژمێرکاری ژمارە (٨٩)ی هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢.

١٢- پێویستە پێشینەی بەردەوامی مانگانە (السلف المستدیمة)ی فەرمانگەکان یەکلابکرێتەوە و رصیدی بکرێتە (سفر) لە کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠٢٥.

١٣- لەکاتی نەبوونی جوڵەی ژمێریاری لە گشت ژمێرەکان لە ماوەی ئەژمێری کۆتایی کە لە خاڵی (٧) ئاماژەپێکراوی سەرەوە داهاتووە پێویستە بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاری نامەڵبەندی بکرێت کە فەرمانگەکە ئەژمێری کۆتایی نیە.

١٤- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٢/٧) وەکاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ١٥٠٦٤ لە ٢٠٢٥/١١/١٨**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٢،١٠٦،١٠٥،١٠٢،٨٣) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ١٩٨٤ هەموار کراو وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بڕیارمان دا:

١- کردنەوەی یەک کۆگای تایبەت بە بەرهەمەکانی ئۆتۆمبێلی (تویوتا) لە هەرێمی کوردستان لە پارێزگای (دهۆک) لەسەر پارچەی زەوی ژمارە (١٣/١ کەرتی ٣٨/مروین) بە ڕووبەری (٢٥) بیست و پێنج دۆنم بۆ کۆگاکردنی بەرهەمەکانی ئۆتۆمبێلی تویوتا کە کۆمپانیای تویوتا عێراق/ سردار گرووپ هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکات.

٢- کۆمپانیای تویوتا عێراق/ سردار گرووپ هەڵدەستێت بە ئیدارەدانی کۆگا کە لە خاڵی (١) ئەم بڕیارە هاتووە.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ هەڵدەستێت بە سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنی کۆگاکە.

٤- کۆمپانیای ناوبراو پابەند دەبێت بە پێدانی بڕی پارەی (جعالە) بە ڕێژەی (٠،٥%) لە سەدا نیوە لە ڕەسمی گومرگی ئەو ئۆتۆمبێلانەی گومرگ دەکرێن.

٥- کۆمپانیای ناوبراو بڕی (٥٠،٠٠٠،٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەک (خطاب ضمان) پێشکەش بە گومرگ دەکات.

٦- کارکردنی ئەم کۆمپانیایە بەپێی مەرجەکان گرێبەستێک دەبێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کۆمپانیاکە ئەنجام دەدرێت و لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوورییەوە پەسەند دەکرێت.

٧- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٦٧٩٧ لە ٢٠٢٥/١١/٢٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هەمواری چوارەمی ڕێنمایی مەرجەکانی سەلامەتی و تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلی هاوردەکراو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگە (١)ی ماددەی (٣) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و هەموارەکانی بە ڕێنماییەکانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ و (١)ی ساڵی ٢٠٢٥ و (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥، بڕیارماند بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

زیادکردنی بڕگەی (١١) لە ماددەی (١)ی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی یەکەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١١- ئۆتۆمبێلی خانەی سووتەمەنی (Fuel cell Electric VehicLes - FCEV) سوارۆیەکە بەهێزی ماتۆرێک یان زیاتری کارەبایی خۆپاڵنەر بۆ بزواندنی سوارۆیەکە کەهیچ گازێک دەرنادات کە ووزە کارەباییەکەی لە ڕێگەی سیستەمی خانەی هایدرۆجینی بەرهەم دەهێنێت و هیچ ماتۆرێکی سووتاندنی ناوخۆیی بەکارناهێندریت.

**ماددەی (٢):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٦) لە ماددەی (٣)ی ڕێنمایی ژمارە (٧ی ساڵی ٢٠٢١) و ماددەی دووەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٥ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦-

أ- تۆمارکردنی یەکەمین جار بۆ ئۆتۆمبێلی (تەواو کارەبایی) و (خانەی سووتەمەنی) بێ بەرامبەری دارایی و بێ وەرگرتنی بڕەپارەی یاسایی ساڵانە ژینگە.

ب- گشت تێچووە داراییە یاساییەکان و کرێیە کارگێرییەکانی دیکە هاتووە لە هەر بڕیار و ڕێنمایی و بەیانێک تایبەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل بۆ ئۆتۆمبێلی (تەواو کارەبایی) و (خانەی سووتەمەنی) وەردەگیرێت جگەلە بڕگەی (أ)ی سەرەوە.

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٦٧٩٨ لە ٢٠٢٥/١١/٢٤**

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆی بەرکار ژمارە (٨٦ی ساڵی٢٠٠٤) و دوابەدوای ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە دیاریکردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەموارە ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** هەمــوارکردنەوەی خــاڵی (٥)ی بــڕگەی ســێیەمی مــاددەی حەفــتەم لە ڕێنمــایی ژمــارە (٢ی ساڵی٢٠٢٢) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٥- پێدانی زنجیرەی تابلۆی (ژمارە کاتی) ساڵانە لە ڕێکەوتی (١/١)ی هەموو ساڵێک دەستپێدەکات و لە ڕێکەوتی (١٢/٣١)ی هەمان ساڵ کۆتایی دێت، بەپێی سیستەمێکی ڕێکخستنی ژمارەی تابلۆی کاتی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ دیاریدەکرێت.

**دووەم:** زیادکردنی خاڵی (٧ و ٨) لە بڕگەی سێیەمی ماددەی حەفتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی٢٠٢٢) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٧- ژمارەی تابلۆی کاتی پێک دێت لە پێنج خانە (دوو پیت + سێ ژمارە).

٨- تابلۆی کاتی دەبەسترێت لە کاتی هاوردەکرنی بۆ هەرێمی کوردستان لە دەروازە سنوورییەکان.

**ماددەی (٢):**

زیادکردنی بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی هەشتەم لە ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی٢٠٢٢) بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** ڕەنگی باکگراوندی تابلۆی ژمارە کاتی بە رەنگی (سپی) دەبێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی بەیانی وەزارەتمان ژمارە (٣٦ی ساڵی٢٠٢١).

**دووەم:** ئەم هەموارە ڕێنماییە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/١) وە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٦٣ لە ٢٠٢٥/١١/٦**

**بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (وێلەکە)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦٨٧٦) لە ٢٠٢٥/٨/١٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**وێلەکە**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنووری ناحیەی عەربەت/ قەزای مەڵبەندی سلێمانی/ پارێزگای سلێمانی بەڕووبەری (-،١٤،١٠) دە دۆنم و چواردە ئۆلک لەسەر بەشێک لە پارچە زەویەکانی ژمارە (٥٩،١٥) لەسەر کەرتی (٤٨/ وێلەکە) و پارچە زەوی وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٦٤ لە ٢٠٢٥/١١/٦**

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (دالەڕێ)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوەکانی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٦٥٢) لە ٢٠٢٥/٢/١٥ و (٣١٢٣) لە ٢٠٢٥/٥/٢٢ و (٥٣٨٨) لە ٢٠٢٥/٩/١٠ و نووسراوامان ژمارە (١٧٩٣٧) لە ٢٠٢٥/٦/٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی **(دالەڕێ)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی دارەتوو/ لە قائیمقامیەتی قەزای بەردەڕەش/ پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە واقیع حاڵ و فراوانکردنەوە دەبێتە (١٩٠،٦،٣٩) سەدو نەوەت دۆنم و شەش ئۆلک و سی و نۆ مەتر دووجا لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١/٣) و (٣) و (١/١) و (١/٥) و (١) لە کەرتی ٨/ دالەڕێ وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پاریزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٦٥ لە ٢٠٢٥/١١/٦**

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (قەسڵان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە (٢٧٥٧) لە ٢٠٢٥/٨/١٠ و (٣٧٨١) لە ٢٠٢٥/١٠/٢٣ و نووسراوامان ژمارە (٢٧٦٤١) لە ٢٠٢٥/٩/٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**قەسڵان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی مەیدان/ قائیمقامیەتی قەزای خانەقین/ ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (٢٦) بیست و شەش دۆنم لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٤١) و (٤٥) لە کەرتی ٦ی (هۆرێن- خرکنێ- کەمتاران- قەسڵان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی گەرمیان لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٦٦ لە ٢٠٢٥/١١/٦**

**بەیانی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (ژاڵە ناو)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی ئیدارەی گەرمیان ژمارە (٢٧٥٦) لە ٢٠٢٥/٨/١٠ و (٣٧٨٢) لە ٢٠٢٥/١٠/٢٣ و نووسراوامان ژمارە (٢٧٥٦٦) لە ٢٠٢٥/٩/٨ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**ژاڵە ناو**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی مەیدان/ قائیمقامیەتی قەزای خانەقین/ ئیدارەی گەرمیان بە ڕووبەری (١٣٢) سەدو سی و دوو دۆنم لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١٥) و (٢٢) و (٢٣) و ( ٢٤) و ( ٢٥) و (٢٦) و (٢٧) و (٢٨) و (٢٩) و (٣٠) و (٣١) و(٣٢ ) و (٤٢) لە کەرتی ٩/ژاڵە ناو و ئاوبار وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی ئیدارەی گەرمیان لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٣٤٦٦٧ لە ٢٠٢٥/١١/٦**

**بەیانی ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**هێنانەکایەی ناحیەی (ئاڤکانی)**

ئاماژە بەفەرمانی هەرێمی ژمارە (٣٩٨) لە ٢٠٢٥/٩/٢٣ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ژمارە (٣٨١٢) لە ٢٠٢٥/١٠/١٢ و دوابەدوای نووسراومان ژمارە (٢٤٠٠٧) لە ٢٠٢٥/٨/٦ سەبارەت بەهێنانەکایەی ناحیەی (ئاڤکانی) سەر بەقەزای باتیفا لە سنووری ئیدارەی سەر بەخۆی زاخۆ و نووسراوی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ژمارە (١٧١) لە ٢٠٢٥/٦/١ و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، وبەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەی (**ئاڤکانی**) سەر بەقەزای باتیفا لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١٠/١٢) وە کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٦٤٢١ لە ٢٠٢٥/١١/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (کێلەبی)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە هەردوو نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٢٨١١) لە ٢٠٢٤/٥/٢٣ و (٥٣٨٥) لە ٢٠٢٥/٩/١٠ و نووسراومان ژمارە (٢٧٦٢٧) لە ٢٠٢٤/٩/٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی **(کێلەبی)** و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی گردە سین/ لە قائیمقامیەتی قەزای ئاکرێ/ پارێزگای دهۆک کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فروانکردنەوە دەبێت ( -٧٢،٤،) حەفتاو دوو دۆنم و چوار ئۆلک لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (١٧،٣) لە کەرتی ١١٤/ کێلەبی و کولی وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پاریزگای دهۆک لەسەرەوە هاتووە و بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٩٠٨٢ لە ٢٠٢٥/١٢/١٠**

**بەیانی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هێنانەکایەی ناحیەی (بەردەقارەمان)**

ئاماژە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤١٢) لە ٢٠٢٥/١٠/٢٧ و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران ژمارە (٤٢٠٨) لە ٢٠٢٥/١١/١٧ و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە (٢٧٦٤٠) لە ٢٠٢٥/٩/٩ سەبارەت بە هێنانەکایەی ناحیەی **(بەردەقارەمان)** سەر بەقەزای بازیان لەسنووری پارێزگای سلێمانی و بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم/١) لەیاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** هێنانەکایەی ناحیەی **(بەردەقارەمان)** سەر بە قەزای بازیان لەسنووری پارێزگای سلێمانی.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٢٠٢٥/١١/١٧) وە کاری پێدەکرێت و بڵاودەکرێتەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٢٦١/٦ لە ٢٠٢٥/١٢/١٥**

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە:

- ڕاگرتنی دەوامی فەرمی تەنها بۆ هۆبەی (ژمێریاری و وردبینی) و فەرمانگە کانی دادنووس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە، بە مەبەستی جەردی کۆتایی ساڵ.

**یەکەم:** بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێ بەجێ کردن پارێزگاکان: لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/١٥).

**دووەم:** بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێ بەجێ کردن قەزاکان: لەڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٨).

**سێیەم:** بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێ بەجێ کردن ناحیەکان: لەڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٧).

**چوارەم:** بۆفەرمانگەکانی دادنوس: لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٦).

**پێنجەم:** بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری ناکامەکان: لە ڕێکەوتی (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٥).

**شەشەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**
**ژمارە: ٥٢٦٢/٦ لە ٢٠٢٥/١٢/١٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیارماندا بە:

- ڕاگرتنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بەم شێوەیەی خوارەوە بەمەستی جەردی کۆتایی ساڵ:
- ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**یەکەم:** لە (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/١١)

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی هەولێر.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەم و دووەمی سلێمانی.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دهۆک.

**دووەم:** لە (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٨)

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی زاخۆ.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاپەڕین.

بەڕێوەبەرایەتی تومارکردنی خانووبەرەی گەرمیان.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سیمێڵ.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی چەمچەماڵ.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ.

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی عنکاوە.

**سێیەم:**

سەرجەم تێبینەراییەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە (٢٠٢٦/١/٤ تاکو ٢٠٢٦/١/٧).

**تێبینی:**

ڕۆژانی ١-٢-٢٠٢٦/١/٣ پشووی فەرمیە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٣٥٤/٦ لە ٢٠٢٥/١٢/١٦**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

لەبەر بەرژەوەنـدی گشـتی و پاڵپشـت بەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە، بڕیارمانـدا بەڕاگرتنـی ئـیش کارەکـانی فەرمـانگەی دادنووسـی یەکەمـی سـلێمانی بەهـۆی نـۆژەنکردنەوەی باڵەخـانە و ژوور و هۆڵەکانی فەرمانگەکانی لە ڕۆژانی (٢٨-٢٩-٣٠-٣١ /٢٠٢٥/١٢).

- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێـت و لە ڕۆژنـامەی فەرمـی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ٥٣٩٩/٦ لە ٢٠٢٥/١٢/٢١**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

لەبەر بەرژەوەنـدی گشـتی و پاڵپشـت بەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە، بڕیارمانـدا بە ڕاگرتنـی ئـیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لەدیوانی وەزارەت و مامەڵەی ڕاستاندن (تصدیق)ی هاووڵاتیـان و فرۆشتنی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بەهۆی ووردبین کردنی پسوولەی (٣٧أ) و تۆمـاری ڕۆژانە و جەردکردنـی قاسـەکانی ژمێریـاری لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٢/٢٤)، ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـونی جێبەجێ دەکریت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**فەرسەت احمد عبدالله**
**وەزیـری داد**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٩٤٦٠ لە ٢٠٢٥/١١/١٧**

**بەیانی ژمارە (٦)ساڵی ٢٠٢٥**

بەپێی برگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠وە ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک/ کاروباری کارگێڕی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و سەرچاوەی مرۆیی ژمارە (٥٣٧٥) لە ٢٠٢٥/٩/٩ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پمان دراوە بریارماندا بە:

١- کردنەوەی (دارایی ناحیەی کەلە کچی) لە سنوری قەزای شێخان، پارێزگای دهۆک سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٧٤٠٨ لە ٢٠٢٥/١٢/١٦**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی پێنجەم لە بڕیاری ژمارە ( ٦١١ ) ی ساڵی ١٩٧٧بڕیارماندا بە :-

١- درێژکردنەوەی بڕیاری (٦١١)ی ساڵی ١٩٧٧ تایبەتە بە بڕیارەکانی تەسویە و ڕاستکردنەوەی ناوی جوتیار.

٢-ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت تا وەکو ساڵێک و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە: -

**بەیانی ژمارە (٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی کورەداوێ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٠/١٣.

**بەیانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی گوندی ماجیداوە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٠/٢٨.

**بەیانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی جۆری (لاوەکی) لە ژێر ناوی خێر خواز (مامۆستا یاسین محمد امین ملا شێخ) لە گەرەکی (٥ی حەسارۆک) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١١/٢٦.

**بەیانی ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی  هۆبەی (بانکی خوێن) لە نەخۆشخانەی گشتی فێرکاری کەلار سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١١/٢٦.

**بەیانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کرنەوەی ئەم هۆبانەی لەخوارەوە هاتووە لە نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەڕۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە.

١- هۆبەی پزیشکیەکان ٢- هۆبەی هەناوبینی ٣- هۆبەی گورچیلە

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٢/١.

**بەیانی ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی (یەکەی تیشک) لەهۆبەی توێکاری لەناو پەیمانگای پزیشکی دادی گەرمیان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٢/١٥.

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی  (عەوێنە) لە جۆری لاوەکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/١٢/١٥.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**